کرێکارانی جیهان یه کگرن !


# به ره و سۆشیالیزم

# ٧٢




بناغەی سۆشیالیزم ئینسانه
سۆشیالیزم بزووتنەوەی
گەڕاندنەوەی ئیرادەی ئینسانه

منصور حکمت


بڵاوکراوه ی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چه پی عێراق | ژماره ٧٢- ١٥ ی شوبات٢٠١٢ | www.socialismnow.org | serdarabdulla@hotmail.com


# ١٧ ی شوبات سەرەتای مێژووی یەکەمین ڕاپەڕین بوو له بەرانبەر دەسەڵاتی کوردایەتیدا !

## سەرووتار

سەردار عەبدوڵا حەمە



لێرەو لەوێ وا باس دەکرێ ١٧ی شوبات دەستکردی ئۆپۆزسیۆن بوو . لەلایەک دەسەڵات دەیەوێ ئەم مۆرەی لێ بدات به بیانووی ئەوەی ئۆپۆزسیۆن له هەڵبژاردنی پەرلەماندا نەیبردەوە بۆیه ئەم سیناریۆی ساز کرد . له لایەکی ترەوە ئۆپۆزسیۆن به ناڕاستەوخۆ یا به ڕاستەوخۆ دەیەوێ خاەنداریەتی ئەو ڕۆژه بکات. بەڵام له ناوڕۆکدا ڕاستیەکی تر هەیەو شاراوەش نیه. کاتێ له تونس و له میسر شۆڕش دەستی پێ کرد ، ئەم شۆڕشانه لافاوێک بوو بۆ ڕاماڵینی نا عەدالەتی و دیکتاتۆری وهەژاری و گرانی و برسیەتی ، هەر زوو ئەم لافاوه ناوچەو وڵاتانی تری گرتەوە ، ئەم شۆڕشانه دەستکردی هیچ باڵێکی سیاسی نەبوو بەڵکو رق وکینەوتورەیی خەڵک بوو له بەرانبەر بارودۆخێکدا که تیایدا دەژین.دواتر بزووتنەوە کۆمەلاتیتەکان وەک ئەحزابی ڕاست و چەپ و ئیسلامی سیاسی هاتنه ناوەوە وه هەریەکەیان ویستیان ئەم شۆڕشانه به ئاراستەی خۆیاندا ببەن .

کاتێ ئەم شەپۆلی لافاوه گەیشتە کوردستان و عێراق هەمان هۆکاری هەبوو دواتر ئۆپۆزسیون و کۆمۆنیستەکان هەریەکەیان هاتن ویستان ڕابەری ئەم ڕاپەرینه بکەن .ئەو فاکتەرانەی شۆڕشی بۆ هەلگیرسا وەک هەژاری وگەندەڵی و ناعەدالەتی و سەرکوت و نەبوونی یاسا هتد ئەمانه هۆکار و فاکتەری سەرەکی بوون هێشتا ئەمانه له جێگای خۆیاندان . چرای شۆڕش نەکوژایەوە بەڵام به هۆی سەرکوت یا بڵێین بەهۆی کوشتنی خۆپیشاندەران و دەسگیر کردنیان و فڕاندنیان کز کرا . تا تاریکی هەبێ چرا پێویستە تا زولم و ستەمیش هەبێ شۆڕش پێویستە. بۆیه شۆڕش بەردەوام دەبێ له کوردستان چونکه زولم و ستەم و نابەرابەری هەیە . بەلام دەبێ خەلک ئاگای لەوه بێ ئەم چرایه نەداته دەست ئەو لایەنانەی ئۆپۆزسینەوە که جۆرێکی تر له تاریکی وزولم ستەم بێنن ، دەبێ به دەست خۆیانەوە بێ به دەست نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیانەوە بێ که خۆیان له گەرەک و کارگاو ئیداەرکان هەڵیان بژێرن که ئەمەش له ڕیگای کۆبونەوە گشتیەکانی خۆیانەوە دەبێ واته خەلک له ڕێگای شورا یا کۆمۆنەکانی خۆیانەوە دەتوانن به هەموو ئامانجەکانی خۆیان بگەن . گوڕینی ئەم دەسەڵاته بۆ ئۆپۆزسیۆن تەنها گۆڕینی دەمو چاوەکانه دەنا تاریکی ستەمەکان بەرۆکی خەلک بەرنادا .

## پلینۆمی شەشەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق سەرکەوتوانە کۆتایی هات

پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندی سەرکەوتوانە کۆتایی هات. پلینۆم لە سەر لەبەیانی ڕۆژی شەمە بەرواری ٢٢ کانوونی دووەمی ٢٠١٢ دەستی پێ کردو لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا کۆتایی هات . زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ژمارەیەك لە مشاورانی کۆمیتەی ناوەندی تێدا بەشدار بوون . هەروەها حەمیدی تەقوایی لیدەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران لەوێدا ئامادە بوو .پێداویستەکان بۆ بەشداری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات دابین کران.

سەرەتا بە سروودی ئەنتەرناسیۆنال و دەقیقەیەك بێ دەنگی بۆ ڕێزنان لە هاوڕێیانی گیانبەختکردووی ڕێگای سۆشیالیزم دەستی پێ کردو ئەنجا بە هۆی ئامادە بوونی زۆربەی ئەندامانی ناوەندی یاسایی بوونی پلینۆم پەسەند کراپاشان بە دەنگدان لیژنەی سەرپەرشتی پلینۆم هەڵبژێردرا. دوای ئەوەی دەستوری کۆبونەوەکە و پەیرەوی ناوخۆی کۆبونەوکە دەنگیان بۆ درا ، هاوڕێ عصام شکری سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی ووتەی کردنەوەی پلینۆمی شەشی پێشکەش کرد ، کەتەکیدی کردەوە لە سەرهەلومەرجی ئێستا بە هەلومەرجێکی شۆڕشگێرانەی وەسف کرد وە ووتی ئەم پلینۆمە بۆ ل٣

## بژی ٨ ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان بژی شۆڕش له پێناو ئازادی و یەکسانی !

ژنان که له ژێر سایەی ئەم نیزامه گەندەڵەی سەرمایەداریدا ژیان به سەر دەبەن بەشخوراو ترین بەشی کۆمەڵگان . جگه لەوەی هاوشانی زۆربەی پیاوان چەوساوه و ستەملێکراون له هەمان کاتدا له سەرجەم بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیدا لەگەڵ پیاوان نابەرابەرن .توند و تیژی له دژی ژنان له سەرتاسەری گۆی زەویدا له زیاد بووندایه. له وڵاتانی ئەوروپایی ئەمەریکایدا ڕێژەی کوشتنی ژنان له سەر مەسەلەی ناموس لەناو خێزانه ئیسلامیەکاندا زیاتری کردووه هۆکاری ئەمەش بوونی یاسای ڕێز له کەلچەره جیاجیاکانه. لەئێرانی ژێر سایەی جمهوری ئیسلامیدا ژنان بەزیندووی بەرد باران دەکرێن و دەکوژرێن،

له عێراق و کوردستاندا جگه لەوەی له رووی یاسایەوه ژنان بێ ماف کراون . وەزیری کاروباری ژنان له حکومەتەکەی مالیکیدا بێحومەرتی به ژنان دەکا دەڵێ نابێ ژنان مافی یەکسانیان هەبێ لەگەڵ پیاوان . یاسای شەریعەی ئیسلامی کراوەته مۆتەکەیەک به سه ر ژنانەوه ، ژنانی نەک به پله دوو داناوه له چاو پیاوان بەڵکو ڕۆژانه ژنان دەبنه قوربانی ئەم یاسا کۆنەپەرستانەیە .کەم رۆژ هەیە هەواڵی کوشتنی ژنان به دەست بۆ لاپەره ٣

## لەرزۆکی دەسەڵاتدارێتی ناسیونالیزمی کورد لەبەردەم شەپۆلی نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستاندایە، بە سەرکوت خەفە ناکرێت!!

**بەیانامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکای چەپی عێراق**

دوای یەکساڵ لە خەفەکردنی سەرای ئازادیو خۆپێشاندانەکانی کوردستان بەزەبری چەک و تۆقاندن و تیرۆر و کوشتن و سازشی هێزە سیاسیە بورژوازیەکاندا، نارەزەیەتیەکان تا دێ پەرە دەسێنی و فراوان دەبێتەوە، زیاتر وزیاتر ئاگایی خەڵک و ئامادەییان بۆ ڕووبەڕووبونەوەیەکی تر دەچێتە سەرەوە و کۆتا نایەت. قەڵشتی ناسیۆنالزمی کوردی دەسەڵاتدار چووەتە ئاستێکی زۆر فراوانەوە و تا دەگات بە قسەکردن لە هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانی ستراتیژی نێوان پارتی یەکێتی و بێ ئیعتبار بوونی زیاتری پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتەکانیان، زیادبوونی قەڵشت نێوان دەوڵەمەندی و هەژاری و ڕوونبونەوەی زیاتری ناکۆکی چینایەتی و بەرزبونەوەی بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاری و ڕسوایی زیاتری شەخسیەتەکانی بۆرژوازی و گەندەڵی و بە تاڵان بردنی سەروەت و سامانی کۆمەڵگە و کەڵەکەی خەیاڵی سەرمایەی شەخسیان لەبەرامبەر مەحروم کردنی کۆمەڵگەدا. ئەمەلەکاتێکدایە کە عێراق بە بارودۆخێکی پڕئاڵوگۆڕدا دەڕوات، بەتایبەت بە کشانەوی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق و کۆتایی هاتنی داگیرکردنی عێراق، کە ئەمە وایکردوە دەسەلاتی حکومەتی عێراق هەرچی لەرزۆکتر بووە و هێزە ناکۆکە کۆنەپەرستە تایەفی و قەومی و دینیەکان دەچن بەگژ یەکداو بل ٣

## پشتیوانی لە مانگرتنی خوێنکارانی زانکۆی کەرکوک دەکەین!

**بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق – کۆمیتەی کەرکوک**

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ خوێندکارانی زانکۆی کەرکوک دەستیان دایە مانگرتنێکی سەراسەری لە پێش کۆلێژەکانیاندا و چەندان داواکریان لەسەر لافیتەکانیان نووسیبوو. هەروەها لە بەیانەمەیکدا کە پێشتر لە لاپەڕەکانی فەیس بووکدا بڵاویان کردبووەوە داواکاریەکانیان بریتی بوون لە 1- دانی دەرماڵە 150 هەزار دینار مانگانە بۆ هەر قوتابییەک 2- ئەم داواکاریە هەموو قوتابیانی کەرکوک لە هەموو شارەکانی تری عێراق بگرێتەوە 3- دانی دەرماڵەی چوارمانگی ڕابردوو 4- قوتابیان چاوەڕوانی هیچ وەعدەو وەعیدێک نابن و مانگرتن دەسپێ دەکەن. هەر لەسەر هەمان ڕێچکە مانگرتنەکەیان ئەمڕۆ بۆ ل٣

## پێویست نیە بەرگری لە سەنگەرێکی تێک شکاو بکەیت! وەڵام بە هاورێ ڕێبوار ئەحمەد



ئەسغەر کەریمی

**بەشی یەکەم**

کاتێک کە دیڕی یەکەمی وەڵامەکەی هاورێ ڕێبوار ئەحمەدم دیت خۆشحاڵ بووم کە ئەم جارە بە زمانێکی دۆستانە هاتۆتە ناو وتو وێژەوە. بە خوێندنەوەی هەموو بابەتەکە زانیم کە جیاوازیەکی زۆری لە گەڵ نوسراوە کانی پێشوی نیە وبەردەوام زمانی زبر و بێ ئیحترامی لە نوسراوەکەی دا کەم نیە. سەرە ڕای هەموو ئەم شتانە من نیازم نیە کە زمان یا جۆری قسەکردنم بگۆرم. ڕێبوار ئەحمەد بە تێرو تەسەلی وەڵامی نوسراوە کەمی داوەتەوە و منیش بە باشم زانی کە وەڵامی بەشێک لە بابەتی ئەم وتو وێژە بدەمەوە.

یەکەم بابەت ئەوەیە کە ئەوەندە وەزعە کە خراپە کە تۆش بەشێک بووی لە هاو بیرەکانی کوروش و دەست لە کار کێشانەوەت لە مانەوە پێ باشتر بوو. لە وەها وەزعێک دا مانەوە لە سەنگەری سیاسی کورش دا زۆر ناسیاسیە. و یا باشتر ئەوەیە بگوترێت بتانەوێت یا نەتانەوێت ئەو تییۆریانە لە برامبەر خەڵکدا , لە بەرامبەر ڕێکخراوە کۆمۆنیستی وشۆڕشگێرەکاندا و جووتە لەگەل هەمان تەبیلغ دا کە بەشێک لە حکومەتی ئیسلامی خەریکی ئەوە. لە باشترین حاڵەت دا ئەوە سەنگرێکە بو کارنەکردن و پاسیفیزمێکی تەواوە . هەم کۆمەڵگا روخساری ڕاستیقنەی ئەو تێزانە و تییوریانەیان بینیوە و هەم قەیرانی حیزبی حیکمەتیست چارەنوسی تەواوی ئەویان نیشان داوە و هەم دەست لە کار کێشانەوەی تۆ ئەو ڕاستیە دەردەخات. حەیفە لەوە زۆرتر کاتی خۆت تەرخانی ئەو خەتە بکەیت. ئەو سەنگەرە بە تەواوی تێک شکاوە بەجێی بەرگری کردن دەبێت کێشەکە وەک خۆی ببینی. بەرگری تۆ لەو تێزانەی لە پشت بۆ ل ٤

# ئازادی یەکسانی حکومەتی کرێکاری

# ئەوە کێ یە ڕاستیەکان دەشێوێنێت ؟!
## وەڵامێک بە ڕێبوار ئەحمەد

سەردار عەبدوڵا حەمە

چەندین ووتاری ڕێبوار ئەحمەد و ئەسغەری کەریمی بە کوردی وبە فارسی سەبارەت بە قەیرانەکانی ناو حیزبی حیکمەتیست لە سایتەکاندا کەوتە بەردەست . جا هەر کەسە ئازادە چۆن وەڵامەکانی ئەم دوو کەسە هەڵدەسنگێنی . منیش وەک یەکێ لە خوێنەری وەڵامەکان ڕای خۆم بەم شێوەیە ڕادەگەیەنم :

کاتێ ئەسغەر کەریمی ڕای خۆی لە سەر کیشەکانی ناو حیزبی حکمەتیستی دەر بڕی دەست بەجێ ڕێبوار ئەحمەد وەڵامی دایەوە بە ووتارێ بە ناوی "کینە تۆزی چەپێکی سوونەتی" . سەرتاپای وەڵامەکەی ڕێبوار دفاع کردن بوو لە کورشی مودریسی وە ئەو هەموو بەڵایانەی هێناویەتی بە سەر ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا،کەچی لە بەرانبەر ئەسغەر کەریمی و حەمیدی تەقوایدا دەربڕینی ڕقێکی زۆر شەڕێنگێزانە بوو ، وەڵامەکانی ئەسغەریش زۆر ئوسولی و سیاسی و دۆستانە بوو بۆ ڕێبوار .

ڕێبوار یەک قسە لە هەموو نامەکانیدا دووبارە دەکاتەوە ئەویش بە ئەسغەر ئەڵێت :ئێوە بۆچی بە حیزبی حکمتیست ئەڵێن ناقانونیان کرد کە ئەقلیەتی مەکتەب سیاسی بازیان دا بەسەر ئەکسەریەتدا کودەتایان کرد خۆ ئێوەش لە حککا لە جیابوونەوەکەی ساڵی ٢٠٠٤ هەمان کارتان کرد ئەقلیەتی ٢٢ کەسەی کۆمیتەی ناوەندی باڵی خۆی کێشا بە سەر ئەو کۆمیتەیەی کە لە ٤٦ کەس پیکهاتبوو ئەم حوکمە بۆچی بۆ ئێوە هەقە بۆ کەسانی تر هەق نیە .

تۆ بلێی هاوڕێ ڕیبوار زۆر بەجیدیتەوە ئەو قسەیەبکا چونکە جارباریش گاڵتە دەکا ! . ئەوکات کورشی مودریسی خۆی لەگەڵ ئەکسەریەتی کۆمیتەی ناوەندی بوو دوای چەندین جەدەل وبەحسی سیاسی وئاڵوگۆڕپێکردنی ڕاو بۆچوونەکان ئەنجا بڕیاریان دا لە حیزب بچنە دەرەوە حیزبیکی تر پێک بێنن ئەنجا حەمید تەقوایی و ئەقلیەت بڕیاریاندا حیزب بهێڵنەوە و سایت و میدیاکان و دەزگاکانی تر بە دەستەوە بگرن ،کەی؟ و لە ج کاتێکدا بوو حەمید تەقوایی و ئەقلیەت کودتایان کرد بەسەر ئەکسریتدا؟! کۆڕش و ئەکسریەت بۆ خۆیان حزبییان بە جی هیشت کەس دەری نەکردن. . بەڵام ئەمجارەیان کورش و تاقمەکەی لە ١٤ دیسمبەردا بە بەیانیک ڕایانگەندا هەیئەتی دایم وئەکسریەتی مەکتەبی سیاسی حیزبی حیمکەتیست لە جێگای خۆیان لابران ئێستا حیزب بە دەست ئەقلیەتەوەیە و سایت و ڕۆژناماکان بەدەست ئەوانەوە دەبێ لەمەودواتا کاتی کۆنگرە. لە کاتێکدا ئەکسریەتی مەکتەب سیاسی لە حیزبدا ماون هیچ بڕیارێکیان نەداوە حیزب بە جێ بهێڵن هەتا ئێستاش ئەوانیش و ئەقلیەتیش هەر خۆیان بە خاوەنی هەمان حیزب دەزانن . ئەمە یەکێ لەو ڕاستیانەیە هاوڕێ ڕێبوار شێواندوویەتی .

کاتێ ئەسغەر باس لەوە دەکا باڵی چەپی حیکمەتیست هەیە وئومێدەوارە ڕاسترەویەکانی کورش زیاتر و بە ڕۆشنتر پیشان بدەن خۆیان زیاترڕۆشن بکەنەوە کەچی ڕێبوار لەولاوە هەڵدەداتی دەڵێت بە ئەسغەر "ئێرە جێگای ڕاوی تۆ نیە" بۆ خۆ هاورێکانت ئاژەل نین تا ئەوێ جێگا ڕاوی ئەسغەرکەریمی بێ کەسانی سیاسی و بالغن ، ئەنجا دەڵێت :تۆناتوانی کەسیکێش بۆ لای خۆی بەریت کەس بەدەم بانگەوازەکەتەوە نایەت چونکە ئەندامانی هەرسێ حیزب (حیزبی حیکمەتی و عێراقی کوردستانی ) ئەوەندە هۆشیارن بە تۆ فریو نادرێن . لەگەل ڕێزمدا بۆ ریبوار ئەمەلە شەری گروپە مافیاکان دەچێ . ریبوار ئەم شەڕە ڕادەگەیەنێ و ئەسغەریش نایەوێ لەم دەرگایە بدا وە بچێتە ژوورەوە . ڕیبوار چ لە نامەکەی یەکەمیدا تا نامەی سێیەممی ئەم شەرەی ڕاگەیاندووە تا دواجاریان دێت شەماڵ عەلی کە بەریبوار وهەردوو حیزبەکەی نارەزایەتی هەیە دەکاتە هاوسەنگەری خۆی و سەر بە گروپە کەی خۆی وە دەڵێ هیچ کەس هەقی نیە ناوی شەمال بهێنێ بە جیای بزانێ لە ئەو هەندێ ئیحساساتیشی بۆ دەردەربڕی نەکا شەماڵ عەلی زیاتر بڕوات . ( کەدیارە ئیستا عەبدولامەحمودیش زیادی کردووە) . هاورێ ڕێبوار پێت ناخۆش نەبێ تۆ لە میتۆدو پراکتیکی مارکسیتی زوعفت هەیە . کاتێ ئەسغەر ئەو باسە دەکات بانگەوازی نەکردوە بۆ ئەوەی کادران و ئەندامەکانی باڵیک بێنتە ناو حیزبەکەی خۆیەوە بەڵکو بۆچوونی خۆی داوە وەک ڕێگای چارەیەک دەیخاتە ڕوو وەک هەر کەسێکی تر بەڵام لە دیدگا و بۆچونی خۆیەوە ئیتر تۆ بۆ ئەوەندە هیستریا ئەتگرێ ترسی ئەوەت هەیە دەورت چۆل بێ . کاتێ ئەسغەر باس لە ڕەوت و باڵی چەپ دەکا مەبەستی ئەوە نیە خەتیک لە ناو حیکمتیستدا هەیە سەر بە حیزبەکەی ئەسغەرە نا هاوری گیان وانیە . چەپ بوون حاڵەتێکی نیسبی هەیە تا ئەوندەی باڵی ئەکسریەت ڕەخنەیان لە سیاسەتی خەتی زاڵی ٧ ساڵەی حیزبەکەیان هەیە بە ڕاسترەوی ئەزانن و کورشی مودریسی بە مەسوول دەزانن ئەمە هەنگاوێکی باشی ئەوانە بە نیسبەت کورشەوە ئەوان چەپ ترن . هاوری ڕێبوار زۆر بە موتلەقی ڕادەگەینێ باڵی چەپ و ڕاست نیە لەم لەت بوونەی حیزبی حیکمتیست هەر تەنها کیشەکان لە سەر تەحەزوبی کۆمۆنیستی و قانون ومەوازن شکاندنە . لە مێژووی ئنشقاقەکانی ئەحزابی چەپ و کۆمۆنیست لە مارکس وکاوتسکی وبرنشتاینە بگرە تا حیزبی بەلشەفیک و مەنشەفیک تا جیابوونەوەکانی ناو کۆمۆنیزمی کریکاری وئیستعفاکان هیچیان لە سەر مەسەلەی تەحزوب و قانون ومەوازین شکێنی نەبووە ئەمە تازەیە دەسکردی ریبوار ئەحمەد و کۆڕش مودەرسیە، نا هاوڕێ گیان قەیرانەکە سیاسیە ئیختلافی سیاسی هەیە بۆیە دەڵێم ڕێبوار بە میتۆدوتێروانینی مارکسیستانە چاو لەم مەسەلەیە ناکا، بەموتلەقی نەک بە نیسبی چاو لەم مەسەلەیە دەکا لە میتۆدی مارکس و مەنسور حیکمەتدا هیچ دیاردەو قەیرانێکی سیاسی بە موتلەقی چاوی لێ ناکری و دیاردەکان تەنها لە شکلیاندا نابینرێن بەڵکو بزووتنەوەی ناواخنیان دەبینرێ مەسەلەی قانوون شکاندن و تەحزوب شکلی مەسەلەکەیە دەنا ناواخنەکەی سیاسیە. ئەمەش شێواندنی ڕاستیەکی ترە لە لایەن ڕێبوار ئەحمەدەوە.

هاوری ریبوار لە دوو نامەیدا باس لەوە دەکا حککا و ئەنجا ئەو چەند کەسەی لە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراق چوون بە ناو حزبی چەپیان پێک هێنا زۆر تەوهینیان بە ئەوان کردووە وە دونیایەک بەڵگەی پێیە لە سەر ئەوە . دەپرسم کوا کام بەلگەت خستە ڕوو لەم بارەوە هاوری گیان ؟ ڕاستیەکەی ئێوە بوون تەوهینتان بە حککا و ڕابەرەکانی و حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری چەپ کردووە . هەر هیچ نەڵیم ئەمەی کە تۆ دەڵێی چەند کەسێک لە ئێمە چوون و بە ناو حیزبی چەپیان پێک هێنا تەوهینە . ئەمە خۆ بە گەورە زانین و کەسانی تر بەکەم زانینە ئەمە ئەو سوونەتەیە کە هەمیشە ڕاست و ناسیونالیزم و ئیسلامی سیاسی بەرانبەر کۆمۆنیستەکان بە کاریان هیناوە پیمان دەڵێن ئێوە چین تا ئەم قسە زلانە دەکەن و ئیوە ژمارەتان لە پەنجەی دەست زیاتر نیە و مەنجەڵی یاپراخ بەشتان دەکا . ئەم تێ ڕوانینە لە سیاسەتدا چۆنایەتی نابینێ چەندایەتی دەبینێ ئەگەر زۆر نیت بێ دەنگ بە و دانیشە بەدەردی خۆتەوە کەی ژمارەت زیادی کرد ئەو کاتە لە ئینتخاباتا دەیبەیتەوە قسەت ئەخوا بەڵام ئێستا نا تۆ هیچ نیت . ئەم ئوسولە لە ئەدەبیاتی حزبەکەی ریبواردا ئوسولێکی باوە . مەبەست لە خویندنەوەی ئەحزاب و گروپە لە سەر پێوانەی چەندایەتی . کاتێ ئەسغەر ئەڵێت ئەمە تەوهینە ڕێبوار ئەحمەد ئەڵێ کوا من تەوهینم کردووە ! دێت تانەیەکی تر لە ئەسغەر دەدا لە جیگیەکدا ئەڵێت ئەگەر بڵێم ئەوەی تۆ دیماگۆجیەتە ئەوا دەڵێی تۆ تەوهینم پێ دەکەی ! ئایا ئەمە بۆ خۆی تەوهین نیە بە ئەسغەر چونکە پێ ی وایە ئەسغەر ئاستی ئەوندە لە خوارەو ساویلکەیە نازانێ چی تەوهینەو چی تەوهین نیە .

ڕێبوار دێتە سەر باسی جیابوونەوەکەی ٢٠٠٤ و بە ئەوپەڕی خۆ گیڤ کردنەوە دێت ئەیەوێ حەمید تەقوایی و ڕابەرانی حککا تاوانبار بکا بەوەی کە ئەوان بوون بە هۆی جیابوونەوەی کورشی مودریسی و ئەوانەی دەوروبەری .هەرکەس نامەی ٢١ نەفەری ئەوکاتە چاولێ بکا کە هیشتا لە ناو حیزبدا مابوون بۆنی ئەوە دەکا ئەمانە خۆیان جیا کردوتەوە هەر بە ناو لە ناو حیزبدان. ئەمانە کە داوای پلینۆم دەکەن بەو مەرجەی داوای پلینۆم دەکەن کە سیاسەتەکانیان لە پلیونمدا دەنگ بهێنی ئەگەر نا ڕێگای جیا بوونەوە هەڵدەبژێرن ئەمە مەرجە یا مەرج نیە بۆ پلینۆم . پلینۆمیان دەوێ بەو مەرجە ، چ حەمید تەقوایی و چ ئەندمانی کۆمیتەی ناوەندی تر قایل بوون بە بەستنی پلینۆم بەلام قایل نەبوون بەومەرجە ، چونکە ئەوە هەموو پرنسیبێکی تەشکیلاتی دەخاتە ژێر پێ ، دیموکراسیەتی دەروون تەشکیلاتی پووچەڵ دەکاتەوە ، بۆیە بڕیاریان دا کۆنگرەیەکی فوق العادە بگرن بۆ ئەوەی نەهێلن ئالای کۆمۆنیزمی کریکاری وئاڵاکەی مەنسور حیکمەت لە زەوی بکەوێ بە هۆی ئەو ئینحلال تەلەبانەوە کە ویستیان حیزب لە ناو بەرن بەهۆی داسەپاندنی سیاسەتی ڕاسترەوانەیانەوە . ریبوار ئەم کۆنگرەیە بە کۆنگرەی "چەپلە ڕیزان" ناو دەبات وە بە کۆنگرەی نازانێ چونکە دەڵێ کۆنگرە لە ڕێگای نوێنەرانەوە دەبێ بگیرێ نەک هەموو ئەندامان . تۆ بلێی ڕێبوار لەوە تێ نەگا کە کۆنگرەی ئاسایی و نا ئاسایی مانای چیە یا دەزانێ و دەیەوێ ڕاستیەکە بشوێنێ . ئەوە کۆنگرەیەکی نائاسایی "استثنائی " "فوق العادە " بوو . ئەم جۆرە کۆنگرانە لە حاڵەتی تایبەتی و ئیمیرجینسیدا دەگیرێن وەک اسعافاتی ئەوەلیەیە گەر فریای نەخۆشەکە نەکەوی لەوانەیە پێش ئەوەی بیگەیەنیە خەستخانەی گیان لە دەست بدا . ئەو کاتە خەریک بوو حیزب گیان لە دەست بدا بە پێی قسەی ڕێبوار دەبوو دانیشن نوینەر هەلبژێرن چەند مانگێکی دانیشن خەریک بن پلینۆم بگرن لە کاتیکا زۆربەی ڕابەری حیزب بە کردەوە لە حیزبد نەماون حیزب لە لێواری مەرگدا بوو خەریک بوو دلساردی سەرتاپای حزبی دادەگرت بەڵێ ئەو چەپلە ریزانە پێویست بوو بۆ بەرزکردنەوەی ورەی ئەندامان و دۆستانی حیزب لە ناوەوە و دەرەوەی وولاتدا .

ڕێبوار ئەمجارە باس لە شکستی حزبی چەپی ئەو چەند نەفەرە دەکا کە بە هاوکاری حککا پێک هات .ڕاستیەک هەیە با منیش نەیشارمەوە کۆمۆنیزمی کریکاری بە حیزبەکەی منیش و بە هەردوو حیزبە عێراقی کوردستانیەکەی ڕێبواریشەوە زەعیف بووین چونکە هیچکاممان نەبووینە هێزێک کە لە هاوکیشە سیاسیەکاندا کاریگەریمان هەبێ ئەوەی ریبوار باسی دەکا حیزبی چەپ شکستی خواردوەو ئەوان بەهێز بوون ئەمە نا واقعیەو کۆمەلگاش ئەم ڕاستیە دەزانێ . ئەگەر بڵێن ئەوان لە هەندێ مەیدان و بواردا دیارن و چالاکی دەکەن . حزبە چەپەکەی منیش هەیە چالاکی دەکا لە هەندی بوار و مەیداندا بۆ نموونە مەیدانی خەباتی دژی بێکاری و خویندکاران و لاوان و عەلمانیەت بە دەست کادرەکانی ئێمەوەیە ئەگەر ئێوە دەورتان لەداخلی کوردستان لە نارەزایەتیەکانی ساڵی ڕابوردوو لە ئێمە زیاتر بووبێ کە ئەمە ڕاستیە ئەوا دەوری ئێمەو کادرەکانمان لە دەرەوەی وولات لە بەغدا و کەرکوک گەر لە ئێوە زیاتر نەبووبێ کەمتر نەبووە.کادرەکانی ڕابەری حزبی ئێمە بوون دەسگیر کران پاشان لە میدیا عەرەبی و جیهانیەکاندا دەرکەوتن وەک ڕابەری نارەزیتیەکانی دژی گەندەڵی لە دەسەلاتە تایفی وقەومیو دینیەکەی عێراقدا.حیزبەکەشت بەینامەی دا لەو بارەوە . دە تۆش وەک من دان بەوراستیانەدا بنێ ، ئێمە لە مەیدانەکەداین بەلام کاری زۆرمان لە پێشە هاوری بەرێزم؟!

ئەوەی جێگای سەرسورمانە تێروانینی ڕێبوارە لە سەر شۆڕشی ٨٨ ی ئێران جا بە ناوی حیکمەتیستیشەوە .کە گوایا ئەوان بۆیە بە خەلکیان وتوە برۆنە ماڵەوە چونکە ئەمەلە ژێر ئاسۆو ئامانجی بزووتنەوەی سەوزدا بوو ، موسەوی و کەروبی خەلکیان هێناوەتە سەر جادە بۆیە حەمیدتەقوایی و ڕابەرانی حککا وەک چەپیکی سوونەتی بە خەلکیان دەوت ئەمە شۆڕشە و بۆ ڕووخانی جمهوری ئیسلامی ئێرانە .وە دەیەوێ بە ئەسغەر بڵێ مەنسور حیکمەت دونیایەک دۆکیومینتی هەیە لە سەر ئەوەی کە نابێ بە شوێن ئەمجۆرە بزووتنەوانەدا بڕۆین کە یەک دۆکیومینتیشی نەهیناوەتەوە بە نموونە لە کاتیکا ئەسغەر چەندین دۆکیومێنت و نمونەی مەنسور حیکمەت باس دەکا کە پێچەوانەی تێروانینەکەی ڕێبوار ئەحمەدە . ڕێبوار دەیەوی ئەم بزووتنەوەی سەوزە بشوبێنی بە ڕووداوەکانی ئازاری ساڵی ١٩٩١لە کوردستان . ڕووداوەکانی ئازاری لە ژێر کاریگەری ئاسۆوئامانجەکانی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد دا بوو ئەمە وابوو با بلێین قسەی ریبوار دروستە ئەو دوو ڕووداوە وەک یەکن کە ئەسغەر سەلماندوویەتی کە وەک یەک نین بەلام دێمە سەر لایەنیکی تری ئەم مەسەلەیە ئەویش دەخالەتی کۆمۆنیستیە . ئایا کەس ئەوەی بینیوە مەنسوری حیکمەت باسی ئەوەی کردبێ کۆمۆنیستەکان نابێ دەخالەتگەر بن لەم جۆرە ڕووداوانەدا ئەی مەگەر شوراکان دەخالەتێکی خراپی کۆمۆنیستەکان بوو کە تا ئێستاش خالێکی درەوشاوەی بزووتنەوەی ئیمەیە لە کوردستان کە هەموو لایەکمان شانازی پێوە دەکەین تەنانەت حیزبەکەی ڕێبواریش وێنە شوراکان وهاوریانی گیابخەت کردووی شوراکان لە بەشی سەرەوەی سایتەکەیان داناوە . ئایا ئەوە دروست بوو ئەوکاتە هەموو لە ماڵ دانیشتینایە دەخالەتمان نەکردایە وەک ئێستا کورشی مودریسی و ڕێبوار ئەحمەد بە خەلک ئەلین ئەوە جنبشی سەوزە دوای مەکەون . ئەوە باشە یا ئەوەی بچم ئاسۆ ئامانجی بزووتنەوەکە بە ئاراستەی شۆڕشدا بەرم . کۆمۆنیستەکان دەبێ ئەو فرستانە بقۆزنەوە کاتێ کەلێن دەکەوێتە نێوان باڵەکانی بۆرژوازی دەسەلاتدارەوە لە بەرانبەریاندا جەبهەی خەلکی کرێکارو ستەمدیدە بە هیز بکەن هەروەک ئەوکاتە ئێمە لە شوراکان هەم لە بەرانبەر بەعس وهەم لە بەرانبەر بەرەی کوردستانیدا دەمانویست خەلک سازمان بدەین بە ئاسۆو ئامنجەکانی خۆیانەوە و ئەم جەبهەیە بەهێز بکەین . جنبش سەوز بەهانەیەک بوو بۆ ئەوەی خەلک بیتە سەر جادە تابڵین بڕووخێ جمهوری ئیسلامی خۆپیشاندانەکان دریژەی هەرئەو مانگرتن و نارەزایەتیانەیە کە لەگەڵ تەمەنی جمهوری ئیسلامیدا لە لایەن کرێکاران وژنان و خوینکاران و لاوان و خەلکی برسی و نەدارو خەلکی ئازادیخوازەوە بەرێ خراوە .ئەگەر بە خەڵک بلێ ی دانیشن ڕێک و ڕاست ئەوە دەچێتە گیرفانی ئەحمدی نەژادەوە بتەوێ یا نەتەوێ . بۆیە ئەم تێزە ئەکرێ بە پرۆ ئەحمەدی نەژاد ناوببرێ. ئەم تێزە لەگەڵ تیزەکەی بلیخانوف هاوشێوەن کە بەهۆی ئەوەی شۆڕشی ١٩٠٥ سەرنەکەوت بلیخانوف حەملەیەکی لە دژی لینین ڕاگەیاند وە ووتی ئێمە نە ئەبوو لەو کاتەدا بەشداربووینایە و چەکمان هەلگرتایە .لینین لە وەلامدا ووتی بە پێچەوانەوە دەبوو باشتر دەخالتمان بکردایە هیزمان بۆ هەلخراندایە ووتی پراکیتک دیارێ ناکری لە سەر "ئەنجامەکان" هەروەک ئەم تیزەش زۆر لە ئەنجامی شۆرش قسە دەکا .ناکرێ بڵێین چونکە سەر نەکەوتین هەڵە بوو بەشداری بکەین . پراکتیک ناوڕۆکی کۆمۆنست بوونە هیچ کاتێ کۆمۆنستەکان بە خەلکی نارازی دژی دەسەلاتی بۆرژازی ناڵێن دانیشن بە بیانووی جۆراوجۆرەوە هەروەک ئەوەی منسورحیکمەت کردی وەک ئەوەی کاتی ڕۆژنامەی سەلام داخرا و خەلک لە دژی جمهوری ئیسلامی هاتنە مەیدان مەنسور حیکمت ووتی ئەوە بزووتنەوەی سەرنگونیە دەبێ دەخالەتی تیا بکەین.ئەم تیزە ی کۆرش و ڕێبوار هەروەک ئەوتیزەیە کە لە دەورەی سەرهەلدانی مارکسیزمی شۆرشگیر لە کوردستان کە زیاتر ڕەوتی کۆمۆنست نوینەرایەتی دەکرد سەری هەلدا ، لە کاتی نارەزایتیەکانی خەڵکی هەڵەبجە و هەورامان و شارەزور لە ئازاری ساڵی ١٩٨٧ لە دژی حکومەتی بەعس ئەنجامیاندا تا کار گەیشتەئەوەی هەڵەبجە کەوتە دەست خەلکی شار ئێمەش ژمارەیەک لە کۆمۆنیستەکانی هەڵەبجە بەشداریەکی چالاکانەمان تیادا کرد کە بۆ یەکەم جار بوو ناوی کۆمۆنیست لە بلندگۆی مزگەوتەوە (کە لە ژێرچنگی خەلکدا بوو) بەگوێێ خەلکی ناوچەکە بگا یەکەم جار بوو سروودی کریکارانی جیهان یەککگرن بە گوێی خەلکی شاردا بدرێ و یەکەم جار بوو شعارەکانی ئێمە لە ناو ریزی هەزاران خۆپیشاندەردا بووتریتەوە ،یەکەم جار بوو شعاری ئازادی یەکسانی لە سەر دیوارەکانی شار بنوسرێ بەیاننامەی کۆمۆنسیت بە دیوارەکانی شاردا هەڵواسرێ. کەچی پاش هاتنەوەی حیزبی بەعس بۆ شار . لە پەیونەدیەکدا ئۆرگانی باڵای ڕەوتی کۆمۆنیست پێی ووتین ئێوە هەڵە بوون بەشداریتان کرد نەئەبوو بەشدار بن چونکە ئەوە ناسیونالیستەکان ڕێکیان خستبوو یا ئێمە کۆمۆنیستەکان نابێ عەمەلی وا بکەین کاتی خوێندنەوەی کتێبە ، دواتر من بەعنوانی مسوولی ئەم دەخالەتە درامە بەر ڕەخنەیەکی توند وتیان تۆ عەمەلگەرایت تا کار گەیشتە ئەوەی من ئیستقالەم دا . کۆڕش و ڕێبوار تازە دەمانخەنەوە ئەو دەورانە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری هەموو ئەو تیزانەی تێک شکاند کە سەر بە چەپی سوونەتی و حاشیەی بوون.

ڕێبوار ئەحمەد ڕەخنەی لە ئەسغەر ئەوەیە لە کاتی جیابوونەوەکەی کۆرش لە ٢٠٠٤ ولە کاتی جیابوونەوەی چەندکەسێک ( ڕێبوار ووتەنی) لە حیزبی عێراق دەڵێ بۆچی چونە دەری چەند کەسێ لە حیزبی ئێمە 'لطمات اجتناب ناپزیر است " واتە زیانێکی گەورەیە لە حیزبی ئێوە کەچی جیابوونەوەی اکسریەتی کۆمیتەی ناوەندی لە حیزبەکەی خۆی دەڵێت: "قوی شودیم". من چۆن لەم مەسەلەیە دەروانم .لێکدانەوەکەی ڕێبوار لە سەر بنەمای چەندایەتیە نەک چۆنایەتی لای ڕێبوار ئاوایە بە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی کەمتر لە حیزبەکەی ئەو چوونەتە دەرەوە ئەوە زیانێکی گەورە نیە لەو حیزبە کەوتوە بەڵام دەبێ ئەوە زیانێکی گەورە بێ کە لە حیزبەکەی ئەسغەر کەوتووە چونکە ژمارەیەکی زیاتر لە ئەندام ناوەندیەکانی ئەوان چوونەتە دەرەوە ئیتر چۆن "قوی شدیم " واتە بەهیز بووین. پێوانەکە لە ڕووی ژمارە وە بێ ئەوا قسەکەی ڕێبوار دروستە . بەڵام هاورێ ڕێبوار پێوانەکانت دروست نین پێوانەکان دەبێ لە ڕووی چۆنایەتیەوە بن .ئەگەر حیزب بە مانەوەی بیرورای ڕاسترەوانەی ئەو کاتەی کۆڕش و ئەکسریەتی کۆمیتەی ناوەندیدا ببرایە بەڕیوە حیزبێکی نەخۆش و ئیفلیج دەبوو هێزی تیا نەبوو بڕوات بە ڕێوە حیزبیکی لاواز و بێ هێز دەبوو بەلام بە چوونە دەرەوی ئەوان لە حیزب ، حیزب ڕزگاری بوو لەو نەخۆشیە ،حیزبێکی یەک پارچە و یەک دەست هاتە مەیدان ئەوەندەی ئەو حیزبە لە پاش جیابوونەوەکە چالاک و هەلسوڕاو بوو وە بووە حیزبێکی ناسراو لە کاتی بوونی خیلافاکاندا وا نەبوو ،ئەمە واقعیەتە لەم ڕووەوە حیزب بە هێز بوو . منیش موافقم تا ژمارەت زیاتر بێ باشترە بەلام حیزبەکەت یەک دەست و ویەک پارچە بێ هیچ کەسێک دەست و پا گیر نەبێ کە بەداخەوە باڵی ڕاست دەست و پاگیر بوون.با بێنە سەر حیزبی عێراق بۆچی زیانی گەورەی لێ کەوت لەو ڕووەوە کە ئەم حزبە وەک حزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری نەمایەوە کۆمۆنزمی کرێکاری بووە ڕەوتێکی زەعیف تیایدا . حیزب زۆر هەنگاوی خراپی نا کە لە سەرمان کەوت وەکو ڕەوتی

بۆ ل٤

## پاشماوەی پلینۆمی شەشەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

لە قۆناغیکدا ئەنجام دەدرێ کە لە ڕیشەوە لەگەڵ ساڵەکانی تردا جیاوازی هەیە ،لەم دەورەیدا خەلك هاتوەتە سەر جادە. وە حزب دەتوانێ نەخشێکی وەها بگێڕێ کە ببێتە هێزیکی سەرەکی لە ناو کۆمەڵگادا و لە ناو هەناوی ئەم هەلومەرجە شۆڕشگێڕانەیەدا کە جیهان و ناوچەکەو عێراقیشی گرتووەتەوە.بە دوای ئەوەدا حەمیدی تەقوایی ووتەیەکی پێشکەش کرد کە تیایدا ئەم قۆناغەی بەدوو سیما ناساند کە جیاوازە لە ساڵانی پێشوو یەکەمیان شۆڕش لە ناوچەکەدا ولە جیهاندا و دوەم کشانەوەی سوپای ئەمەریکا لە عێراق کە ئەمەیان کاریگەری هەبووە لە سەر ناکۆکیەکانی نێوان باڵەکانی چینی دەسەڵات وە کاریگەری هەبووە لە سەر توندتر بوونەوەی قەیرانی ناو میلیشیا دینی و قەومی و تایفیەکان . وە هەروەها تاکیدی لە سەر دەوری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق کردەوە لەم دەورەیەدا . دواجار هیوای سەرکەوتنی بۆ پلینۆم خواست . پاش پشوویەکی کورت ، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی ڕاپۆرتی خۆی سەبارەت بە دەورەی پێشوو پێشکەش کرد ، باس و تێبینیەیکان و سەرنجەکان لە لایەن ئامادەبوانەوە سەبارەت بەم راپۆرتە ئاڵو گۆڕ پێکران بە تابیبەتی سەبارەت بە کاروچالاکیەکانی دەورەی پێشوو وە ڕێگریەکانیان کامانەن کە دەبێ وە لاوە بنرێن بۆ ئەوەی حیزب بگۆڕدرێ بۆ حیزبێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەرەکی و بەهێز.

بە دوای ئەوانەدا دوو پرۆژەی بڕیارنامە خرانە بەر باس ، یەکەمیان پرۆژەی بڕیارنامەیەك بوو لەلایەن هاورێ سەمیرنوریەوە سەبارەت بە زنجیرە شۆڕشەکانی ناوچەکەو ئەرکەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ، لە روونکردنەوەکانیدا هاوری سەمیر چووە سەر هەندێ لایەن لە بارەی ئەم شۆڕشانەوە وەووتی: ئێستا سەردمێکی تازەیە و سەردەمی کۆتایی هاتنی باڵادەستی ئەو کێشمەکێشانەیە کە لە نێوان دوو باڵی تیرۆرستیدایە کە پێوستیەکی سیستەمی نوێی جیهانی بوو وە دەبێ ئەرکەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری چی بێ لەم کاتەدا ؟.کە زیاتر هاتە سەر پێویستی بوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری و پیکهێنانی ئەحزابی کۆمۆنیستی کرێکاری و مەسەلەی یەکلا کردنەوەی دەسەلاتی سسیاسی وەك ئەلقەیەکی بنەرەتی لە خەباتی چینایەتی لە هەناوی ئەم شۆڕشانەدا. پرۆژەکە پاش ئەوەی گفتوگۆی لە سەر کرا وەك بڕیارنامە لە لایەن پلینۆمەوە پەسەند کرا. ئەنجا پرۆژەی بریارنامەیەك لەلایەن هاورێ عصام شکریەوە پێشکەش کرا سەبارەت بە بارۆدۆخی سیاسی ئێستای عێراق و ئەرکەکانی حیزب .هاوری لە روونکردنەوەکەی خۆیدا چووە سەر ئەو هەلومەرجەی ئێستا کە پاش کشانەوەی هیزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا پێکهاتوە بە تایبەتی لەم کاتەدا کە شۆڕش ناوچەکەی گرتوەتەوە وە لەم کاتەدا کە ناکۆکیە چینایەتیەکان لە نێوان هێزە واقعیەکاندا گەشەی کردووە وە هاوری عصام سەبارەت بەو ئەلتەرناتیڤەی کە لە ئەنجامی شۆڕشدا دێتە ئاراوە ئەو ئەلگۆیەی کە قبول دەکرێ لە لایەن جەماوەرەوە قسەی کرد ووتی دەبێ بانگەواز بۆ ئەوە بکرێ کە خەڵك شوراکانیان پێك بێنن . پاش گفتوگۆ کردن لە سەر ئەم پرۆژەیە وەك بڕیارنامەی پلینۆم پەسەند کرا.پلینۆم مەکتەبی سیاسی داهاتووی راسپارد کە لە زووترین کاتدا و پاش پیاچونەوەیەکی تر هەردوو بریرنامەکە دەربکات. بە دوای ئەمانەدا سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی تازە هەلبژێردران .

پلینۆم بە ووتەی هاوڕی عصام شکری کۆتایی هات ، لەووتەکەیدا دووپاتی کردەوە کە پلینۆم لە فەزایەکی ئیجابیدا بە سەرکەوتووانە کارەکانی ئەنجام دا بە بەشداری جیدیانەی سەرجەم هاورێ یان. ئەوەی دووپات کردەوە کە بڕیارنامەکان زۆر جیدین گرنگن بۆئەم قۆناغەی ئێستا ، وە ووتی :حیزب توانای ئەوەی هەیە بەرەو پێشەوە بروات و ببێتە حزبێکی بەهێز کە وەڵام بداتەوە بەبارودۆخی شۆڕشگێڕانە و نەخشی سەرەکی ببینێ لەم بارەوە . دواتر بە سروودی ئەنتەرناسیونال لە فەزایەکی هاوریانەدا کۆتایی بە پلینۆم هات.

پلینۆمی شەشەم هاورێ عصام شکری بە تیکرای دەنگ بۆ سکرتێری کۆمیتە ناوەندی هەڵبژاردەوە وە هەروەها ٧ ئەندامیش بۆ مەکتەب سیاسی هەڵبژێردران کە ئەمانە بوون : خەبات مەجید ، سەردار عەبدوڵا حەمە ، سەرگوڵ ئەحمەد ، سەمیر نوری ، صەباح ابراهیم ، عەباس کامل وە فاتیح بەهرامی .

**پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندی**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**

**٢٢/١/٢٠١٢**

## پاشماوەی لەرزۆکی دەسەڵادارێتی ناسیونالیزمی کورد

مەسەلەی دسەلاتی سیاسی جارێکی تر ئاوەلا کردوەتەوە، و ناسیۆنالیزمی کوردیش لەم هاوکێشەیە بەدەرنیە ، ئەو دەسەلاتەی ئەوان کە سەرنجامی پرۆسەی سیاسی دوای داگیرکردنی عێراق و بەرهەمی دلسۆزیان بوو بۆ غەرب و ئەمریکا بە شکستی ئەم دەسەلاتەو ئەم پرۆسەیە، جیگاو مەکانەی ئەوانیش ئەوەندەی تر لەقکردوە لە کوردستان. نەک لە کوردستان لەسەراسەری عێراقدا ئەم بارودۆخە بواری کردوەتە بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی چینە سەرەکی و هێزە کۆمەڵایەتیە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە بۆ یەکەلاکردنەوی دەسەلات.

ئەمەو تا ئێستا داواکاریە بەرحەقەکانی خەڵکی کوردستان لە مۆتەکەیەکە و گۆڕەوشاری دەسەڵاتی دەسەڵاتدارانی کوردستان دەدات و دەسەڵاتیانی خستەوەتە بەردەم خەتەری واقعیەوە، سەرەرای سازش و مامەڵەی حزبە ئۆپۆزسیونەکانی بۆرژوازی و بەتایبەت گۆران و یەکگرتو و کۆمەڵ بۆ سەهمی زیاتر لەدەسەڵاتدا، گرتن و موحاکەمەی بکوژانی خۆپێشاندانەکان و موحاکەمەی بەرپرسانی گەندەڵەیی و خزمەتگوزاری و یەکسانی ژن و پیاو ئازادیە سیاسیەکان وئازادی دەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەگەری و داواکاریەکانی لاوان و خوێندکاران وبیمە کۆمەلایەتیەکان و بیمەی بێکاری و دەیان داواکاری تر بوون بەسەرقافڵەی ئەو داواکاریانەی کە دەسەلات نەدەیەوی و نە دەتوانێ جێبەجێیان بکات و جەماوەری کوردستان دەستیان لێ هەڵناگرێت.

خەڵکی کوردستان لەسێبەری بەهاری عەرەبیدا و هاوشانی کرێکاران وخەڵکی بەشمەینەتی ناوچەکە و عێراق و بەهێز وەرگرتن لە شۆڕشەکانی ناوچەکە پایان ناوەتە نێو کێشمەکێشی خەبات لەپێناو یەکلایکردنەوەی دەسەلات و کۆتای هێنان بەدەسەلاتی بانسەری خەڵک کە دوو دەیەی درێژە بە خۆی داسەپاندوە و بۆ هێنانە کایەوەی دەسەڵاتدارێتی خەڵک.

حزبی کۆمۆنیستای کرێکاری چەپی عێراق بانگەوازی سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکات شانبەشانی شۆڕشەکانی ناوچەکە و عێراق هێزی خۆیان بێننە مەیدان و هەرچی زیاتر قەیرانی دەسەلات قوڵتر بکەنەوە و فرسەت نەدەنە بورجوازی جارێکی تر دەسەڵاتی خۆی بەسەریاندا داسەپێنی، هەروەها بانگەوازی سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکات خۆیان ڕێک بخەن بۆ دەستەوە گرتنی دەسەڵات و ئورگانەکانی بەڕیەوە بردنی دەسەڵات لە خوارەوە ئاریش بدەن کۆبوونەوەی گشتی و شوراو کۆمۆنەکان لەگەرەک و شوێنەکانی ژیان و کارکردن لە زانکۆو پەیمانگا وگشت شوێنەکانی خوێندا بەرپا بکەن.

کرێکاران ، خەلکی زەحمەت کێش، ئازادیخوازان!!

داواکریەکانی ئێوە تەنها بە تێکۆشانی ئێوە و بە یەکگرتووی ئێوە ئیماکنی هەیە و یەکساڵی ڕابردوو سەڵماندی ڕیفۆرم کردن بێجگە لە بێدەنگ کردن هیچ مەنایەکی نیە لەلایەن دەسەڵتدارانەوە کاتێک ئێوە دێنە ناو شەقامەکانەوە، تەنها بەهێزو ئیرادەی خۆتان دەتوانن داواکریەکانتان بەدەست بێنن و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق خۆی لە ریزی پێشەوەی دیفاع لە خەڵکی کوردستان و داواکریەکانی خەڵک دەبێنێتەوە و ڕادەگەیەنێت شۆڕش و ڕاپەڕین تەنها ڕێگایەکە خەڵک دەتوانی ئێرادەی و دەسەڵاتی خۆی دابمەزرێنێت و کۆتای بە گەندەڵی و سەرکوت بهێنێت و دنیایەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران دابمەزرێنێت.

**بژی ئازادی،**

**یەکسانی**

**بژی سۆشیالیزم**

**حزبی کۆمۆنیستی**

**کرێکاری چەپی عێراق**

**6 شوبات 2012**

## پاشماوەی بژی ٨ ی مارس

مێردوباوک و برایانەوە نەبیستری، تەنها لە هەفتەی یەکەمی شوباتدا ٣ ژن لە ناوچەی ڕانیەی کوردستانی عێراقدا کوژراون .

ئەمانە نیشانەی بوونی دەسەڵات و یاساو کەڵچەرێکە کە بە تەواوی دژی ژنە لە ژێر دەسەڵاتە پەرلەمانی و بە ناو عەلمانیەکاندا بێ یا لە ژێر سایەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئیسلامی و قەومی ودینی تایفیەکاندا بێ ،ئەم دەسەلاتانە نەک ڕێگا چارەیان نیە بەڵکو خۆیان سەرچاوەی هەموو ئەم مەینەتی و کوێرەوەریانەیە کە بە سە ژناندا دێت .

٨ی مارسی ئەمساڵ لە کاتێکدایە نیزامی سەرمایەداری کە سەرچاوەی مەینەتی ژنانە کەوتووەتە بەر نەفرەت ونارەزایەتی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی جیهانەوە، .لە ماوەی نزیک بە یەک سەدەدا واتە لەو کاتەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیا بەرپا بووە تا ئێستا نارەزایەتی و ڕاپەڕین و شۆڕش بەم جۆرەی ئەمڕۆ سەری هەڵنەداوەتەوە. بزووتنەوەی ٩٩% لە پێناو دەست کۆتا کردنی دەسەڵاتی سەرمایەداری جیهانی و کۆتایی هێنان بەم نیزامە چینایەتیە لە ناو جەرگەی هەرە زلهێزترین نیزامی سەرمایەداری جیهانی واتە لە ئەمەریکا وە دەستی پێکردوە وە وولاتانی بورژوایی ئەورپایی و ئەوانی تری گرتوەتەوە ، شۆڕش و راپەرین و کۆنترۆڵکردنی شەقامی شارەکان وبانکەکان و کەناڵی تەلەفزیۆنەکانی بۆرژوازی لە یۆنان و پورتوغال و ئیتالیا و روسیا و یابان و ئەمەریکاو کەنەدا...هتد درێژەی هەیە . شۆڕش لە تونس و میسرو لیبیا کۆتایی بە دیکتاتۆری هێنا ، شۆڕش لەم وولاتانە و لە سوریا و ئێران و یەمەن و عێراق و کوردستان درێژەی هەیە .ئاگری ئەم بزووتنەوە و شۆڕشانە کە لەناو ژنان و پیاوانی کرێکار و زەحمتکێش و خەڵکی بەشخوراوە وە کڵپەی کردووە لە پیناو گەڕانەوەی ئیرادەی ئینسان و لە پێناو ئازادی و یەکسانی و ژیانێکی شیاو بە ئینسانە .دەورو نەخشی ژنان لەم نێوەدا زۆر بە رۆشنی دیارە ، لە وولاتانی گەورەی سەرمایەداری لە بەشی پێشەوەی کۆبونەوە وخۆپێشاندانەکاندا ریزێکی بەرین لە ژنان دەبێنرێ . لە میسر ژنان شەقامی شار کۆنترۆل دەکەن.

تەنها ڕێگایەک بۆ رزگار کردنی ژنان و تەنها ڕیگا بۆ بۆ یەکسان بوونیان لە گەڵ پیاوان ،رووخان و هەڵوەشاندنەوەی ئەم دەسەڵاتانەیە و بنیات نانی دەسەڵاتی عەلمانیەکە ئەمەش لە دەسەڵاتێکی سۆشیالیستیدا فەراهەم دەکرێ . درێژەدان بە شۆڕش وراپەرینی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە هاوبەشی ژنان نیوەی کۆمەڵگا زەمانەتی بە دی هاتنی ئەم ئامانجە دەکا. هەروها ژنان بە خەبات و نارەزایەتی و بە ریکخرابوونیان دەکرێ ببنە هێزو بەرەی شۆڕش و راپەرینەکان بە هێز بکەن یا دەتوانن بە دی هاتنی مافە دەست بەجێکانیان مسۆگەر بکەن.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق وێڕای پیرۆبایی ٨ ی مارس لە سەرجەم ژنانی جیهان و بە تایبەت ژنانی عێراق و کوردستان بانگەوازی ژنان و مودافعانی بەرگری لە مافەکانی ژنان دەکاچالاکانە تر بێنە مەیدان بۆ دەستەبەر کردنی سەرجەم مافەکانی ژنان بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئازادی وە هەروەها یەکسانی هەمە لایەنەی ژنان لەگەل پیاوان ، وە دووپاتی دەکاتەوە ئەم حیزبە لە پێشەوەی ئەم خەباتەدا دەبێ .

**سەرکەوتوو بێ خەبات لە پێناو یەکسانی هەمە لایەنەی ژنان لە گەڵ پیاوان**

**بژی ٨ مارس رۆژی جیهانی ژنان**

**بژی ئازادی یەکسانی حکومەتی کرێکاری**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**

**١٧ی شوبات ٢٠١٢**

## پاشماوەی.. پشتیوانی

2012\2\14 دەست پێکرد.

خوێندکاران جگە لە بەرزکردنەوەی داواکریەکانیان لە میانەی قسەکەرەکانیانەوە ڕایانگەیاند ئەوان لە سەر دورگەیەکی نەوت دانشتون و لەهەژاری و نەداریدا ژیان بەسەر دەبەن، هەروەها ئەوەیان ڕاگەیاند بەهاری عێراقیش کەمتر نیە لە بەهاری وڵاتەکانی تر و دەسەڵاتدارە گەندەڵەکان دەبی ئەوە بزانن کە لاوان و خوێندکاران بێدەنگ نابن لە لاوانی ناچەکە کەمتر نین.

ئەمە لە کاتێکدا خوێنداکاران لەسەراسەری کوردستاندا خەریکی مانگرتن خۆپێشاندانن و چەند داواکریان داوە بەڕووی دەسەڵتداری کوردیدا بەتایبەت لە پەیواند بە سیستەمی خوێندن و خراپی جێگای خوێندن، خویندکارانی بازیان و گۆپاڵە و قەڵادزێ و ڕانیە و ناوچەی باڵەکەیاتی.

بزووتنەوەیەکی خوێندکاری بەهێز خەریەکە شکڵ دەگرێت لەدەوری دەیان داواکاری بەرحەق و جدی کە دەم و دەست هەنووکەیین.

ئێمە بەم بەیانە پشتیوانی خۆمان ڕادەگەیەنین لە داواکاریەکانی خوێندکارانی زانکۆی کەرکوک و گشت خوێنکارانی ناوچەکە، لە هەمانکاتدا بانگەوازی خوێندکاران دەکەین بۆ ڕێکخراو بوونیان و بەرپا کردنی کۆبوونەوەی گشتی و هەڵبژاردنی نوێنەرانی سەرشناس و چاونەترس و ڕادیکاڵ بە مافەکانی خوێنداکاران. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق بانگەوازی ئەندامان و لاینگرانی خۆێ دەکات کە لە خوێنگاکاندان بە هەموو توانایەکوە ئەم مانگرتنانە بەهێز بکەن تا سەرکەوتنی کۆتای بەدەست دەهێنن.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری**

**چەپی عێراق – کۆمیتەی کەرکوک**

**14 شباتی 2012**

**بژی جمهوری سۆشیالیستی**

# پاشماوەی پێویست نیە بەرگری لە سەنگەرێکی تێک شکاو بکەیت!

دەمامکی بیر وچەند ڕوانگەیی ( تەعدد نەزەرات) زۆر ناپێویست و زۆر ناسیاسیە .

بابەتێکی تری گرینگ مەسەلەی جیا کردنەوەی شۆرشی 88 لە ئێرانە. لەو بارەیەوە حەز دەکەم لێرە دا شتێک لە نوسراوەکەی نادر ( منصور حکمت ) کە لە بارەی پێش هاتەکانی ساڵی 1991 لە کوردستانی عێراق و لە وەڵامی عەبدولا موهتەدییە ئیشارەت پێ بدەم : " بۆ کۆمۆنیستێک خەباتی خەلک هیچ کات لەکە دار نیە.کە بە هۆیە کە تاک بتوانێت ڕێک خەباتی بەرحەقی خەڵک لە پشت ریکلام و جوڵانەوە سیاسیە کانی چینی دەسەڵات دار بکێشێتە دەرەوە و سنوری ئەوانە بە یەکەوە دەربخات. کەسێک ڕاستەو خۆ و بەراستی خەباتی خەڵک لەکەدار دەکات کە ئەو سنورە ئینکار و کەم رەنگ بکاتەوە. پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی ئێران لە ساڵی 57 بە بێ ئیفشاکردنی جەریانی مەزهەبی ملی کە خەریک بو داهاتی ئەوجوڵانەوەیە نارەزایەتیە بکاتە هی خۆی مومکین نەبوو.

کەسانێک شۆرشی ئێرانیان لەکەدار کرد کە ئەویان بە ناوی خومەینی نوسیەوە , و نامەی بۆی نوسی و بە شوێن باشترین هاورێیان بۆ ئێستا و داهاتو دا رۆیشتن ". و بە داخەوە کەسانێک وەکوحیزبی "حیکمەتیست " ئەمرۆ خەباتی ئازادیخوازانە و حەق خوازانەی خەڵکی ئێران لە ساڵی 88 بە حیسابی بەشێک لە حکومەت دادەنێن و هەڵوێستێکی تەواو دژە شۆرش دەگرن .

جوڵانەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە ساڵی 88 جوڵانەوەیەکی ڕاستەقینەی خەڵک بوو. ریزەکانی حکومەت تێک چوبوو خەڵک بە جوانی و بە وشیاری لە درزی سەرەوە کەڵکیان وەرگرت و پێیان خستە ناو درزەکەوە و هێزی میلیۆنی خۆیان هێنایە سەر شەقام . دەزانم کە ئێستا ئەو جولانەوەیە بە ناتەواوی ماوەتەوە و زمانی هێندیک درێژ بووە کە بڵێن چی بەسەرهات, بە کوێ گەیشت. بەلام بەرحەق بوونی نارەزایەتیەکان لە سەرکەوتنەکان و یا غەیری سەرکەوتنی ئەو هەڵنا سەنگێنرێن. لە سەدا نەوەدی نارەزایەتیەکان و شۆرشەکانی حەق خوازانەی خەڵک لە درێژایی مێژودا لە وڵاتەکانی جۆراوجۆردا شکستی هێناوە و یا بە ناتەواوی ماونەتەوە. هیچ ئینسانێکی شەریف سپارتاکۆس و کۆمۆنارەکانی پاریسیان بە هۆی شکستەکانیانەوە مەحکوم نەکردوە. هەرکەسێک کە کەمێک بە قوڵی لە ئەوزاعی پێش ساڵی 88 شورِ ببایەتەوە یا هەر بە شەقامەکاندا تێپەری بایە دەنگی بومە لەرزەیەکی گەورە کە لە ناو قەیرانی کۆماری ئیسلامی کە بە رێوە بوو دەیتوانی لێکی جیا بکاتەوە . هەرکەسێک چوار رۆژ سەیری کانال جەدیدی کردبایە دەیزانی کە ئەوزاعە کە سەرەتای گۆرانگاریەکی گەوریە. هەرکەس سەیری یەکی ئایاری ساڵی 88 یانی ڕێک شەش حەفتە بەر لە دەستپێکردنی شۆرشی 88 و جوڵانەوی پر لە شور شەوقی نارەزایەتی دەربرین لە دژی لەسێدارەدانی فاتمە ولە سێدارەدانی دلارا دارابی کردبایە و یا گوێی لە منازەرەکانی پاڵاوتەکانی حکومەت گرتبایە دەیزانی کە چۆن 28 ساڵ مێژوی حکومەتی ئیسلامی بە دەستی خۆیان لە بەر چاوی میلیۆنەها کەس مەحاکەمەکرد و دەیتوانی تێ بگات. شکستی تەرحەکانی جۆراوجۆربۆ سەرکوتی ژنان و گەنجان بەوشتانە زیاد بکەن. هەر ئەو گەنجانەی کە لە درێژایی بێنەوبەرەکانی هەررۆژە لە سەر شەقامەکان و شوێنەگشتیە کان بە سەر حکومەت دا دارژان . بە تێکرای خەڵک کە هاتنە سەرشەقامەکان , دروشمەکانیان , پێشرەویە کانیانیش هەر ئەوەی دەرخست. بە لاَم تەنانەت ئەگەر خەباتی خەڵک هەر لە دژی فێڵ کردنی شانۆگەری هەڵبژاردنیش بوایە جوڵانەوەیەکی بە حەرق بوو. دەزانم کە هەڵوێستی کورش و حیزبی حیکمەتیست , کە وادیارە ئێوەش هەر ئەو هەڵویستە تان هەیە, کە گوایە جوڵانەوەی سەرنگونکردنی حکومەتی لە ئێران شکستی هێناوە و راستەکان بە هێز بوون و ئەحمەدی نژاد بوەتە نوێنەری ناسیۆنالیسم ...هتد کەسێک بەو عەینەکە بیرِوانێایەتە ئەوزاعی ئێران نەیدەتوانی شۆرشی 88 لە درێژەی خەباتی خەڵک ببینێت. ئاماژەت بە ئەزمونی میسر کردوە و کە هەر ئەتەی ئەوە بڵێیت .لەراستی دا خەریکە دەڵێی لە ئێران خۆ نارەزایەتی گشتگیر نەبوو خەباتی کرێکاری حەق خوازانە نەبوو کە شۆرشی 88 درێژەی ئەو بێت! بەلام ڕاستی ئەوەیە کە ئێوە کارێکتان بە واقعیەتی ئەوخەباتانەوە نەبوو چونکە بە کەڵکی لێک دانەوەکانتان نەدەهات. نەک هەر خەباتی بەرحەقی خەڵک لە ساڵی 88 تان کردە کیسەی حکومەتەوە بەڵکو ساڵانێک لە خەباتی خەڵکتان ئینکار کرد. دەزانن ئەمە ئێوە بە کوێ دەگەیەنێت! بەو جۆرە لێکدانەوانە شتێکی سەیر نیە کە بە ئینکاری حەق خوازانەی شۆرشی 88 بگەن , ئەو بە کۆنە پەرەستانە بزانن ودژی ئەو هەڵوێست بگرن. لەوانەیە یەکێک لە حەماسی ترین خۆراگری یەکانی خەڵک لە سێ دەەی رِبردوودا دژی هەڵکوتانە سەر ژن و سەپاندنی یاسای ئایینی بە پێشکەوتوو نەزانی یا لەوانەیە هەر بڕواتان نەبێ کە وەها خەباتێک هەبووبێت.

برِوا بکەن ئەو خەباتانە لە جۆری زۆر گەورە و بەربڵاَ و گشتگیردا و هەموو رۆژە لە ئارا دابووە. حکومەت ساڵانی پێشو ریژەی دەستگیری و سزا وهۆشداری دانی بە ژنانی زیاتر لە یەک میلیۆن لە ساڵدا ڕاگەیاندبوو. خەباتی کرێکاری یەک رۆژیش نەپساوەتەوە وادیارە دەبێت بۆ ئێوە خەباتەکانی قارەمانانە و درێژ خایەنی کرێکاران لە نەیشەکەری حەوت تەپە , مانگرتنی قارەمانانەی شرکەتی واحد کە بوو بە هۆی دەستگیر کردنی هەزار نەفەر, مانگرتنەکانی کرێکارانی کیان تایەر و سەنتەری تەلەفونی رێگەی دوری شیراز و سەدان مانگرتنی کرێکاری تر و مانگرتنەکانی سەراسەری و بە شکۆی مامۆستایان و نارەزایەتیەکانی بێ وستانەوەی خوێندکاران ریز بکەم تا برِوا بکەن کە لە ئێرانیش هەم لە پێش شۆرشی 88 و کێوێک لە خەباتی جەماوەری بەشکۆ و ئازادی خوازانە لە ئارادا بووە و شۆرشی 88 سودفە نەبووە؟

بە گشتی هیچ کات خەباتێک لە سەر بنەمای ئەوشتەی کە خۆت دەیلێت یا تەنانەت ڕێبەرانیش دەیلێن قەزاوەت ناکرێن. لێگەرێ بیرەوەریەک باس بکەم . کۆتایی ساڵی 1996 لە گەڵ نادر لە بارەی بەشداری کردنی خەڵکی کرمانشاهەوە لە مراسیمی بە خاک سپاردنی مەلا مەحەمەد رەبیعی پێش نویژی ئەو شارە و دروشمەکانیان لەدژی حکومەت کە بوو بە هۆی شەرِوپێکدادان لەگەل سەرکوت کەران قسەمان ئەکرد، پرسیارەکەم ئەوە بو کە ئایا نابێت بەو خەڵکانەی کەلەحکومەت نارازین بڵێین بۆچی لە مراسمی پێش نوێژیکي سونە مەزهەب بەشداری دەکەن. نادر بە راستی وڵامەکەی ئەوە بو کە تەوازونی هێز هەر ئەوەندە ئیجازە بە خەڵک ئەدات. خەڵک لایەنگری هیچ مەلایەک نین. وابیر ئەکەنەوە کە لە مراسیمی مەلایەک دا ئەو هەڵە ئەقۆزنەوە بۆ ئەوەی کە بڵێن نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی و نارەزایەتیەکانیان بەیان بکەن. ئێوە لە بیرتانە کە کاتێک بە داخستنی رۆژنامەی سەلام گرێدراوی یەکێک لە باڵەکانی حکومەت لە ساڵی 88, خەڵک لە تاران رژانە سەر شەقامەکان نادر بۆ ساتێکیش نەوەستاو کە ئەوەی وەک دەستپێکی جوڵانەوەیەکی جەماوەری بۆ روخاندنی حکومەت بناسێنێت؟ شۆرشی 88 کە زۆر پێشرەوتر, روونتر, رادیکاڵ تر و جەماوەری تر بوو بەوهۆیانەوە چەند مانگێکیش درێژەی هەبوو. لە نوسراوەی پێشودا ئاماژەم پێدابوو کە باس هەر لە سەر ئەوە نیە کە حکومەتێک ئاسای یە یا نا, مەسەلە ئەوەیە کە خەتی دەسەلاتدار بە سەر حیزبی حیکمەتیست دا کۆماری ئیسلامی بە نۆرماڵ (موتەعارف) دەزانێت, گوتی بزووتنەوەی سەرنگونی شکستی هێناوە, باڵی راست بەهێز بووە وئەحمەدی نژاد بوەتە نوێنەری ناسیونالیزمی ئێرانی, لە ناوچەکە موقعیتی باشی پەیدا کردوە و...وئەنجامی سروشتی ئەو لێک دانەوانە ئەوە بو کە کاتێک کەخەڵک دەستی دایە هەستانەوە یا دەبوایە قەبوڵی بکات کە هەموو لێک دانەوە کانی هەڵەیە ویا خەباتی خەڵکی وەکو جوڵانەوەیەکی کونەپەرەستانە ناساندبایە تا تییۆریەکانی و لێکدانەوەکانی سوک نەبن. حیزبی حیکمەتیست بەشی دووەمی هەڵبژارد. کە هەڵوێستێکی تەواو کۆنەپەرەستانەیە. هەڵبەت کورش لێکدانەوە و هەڵوێستی حیزب لە بارەی جوڵانەوەی جەماوەری و سەرنگونخوازانە لە مردادی(مانگی ئاب)78 یش ساڵانێکە کە بەشێک لە جوڵانەوەی جەماوەری سەرنگونی خوازانی خەڵک نازانێت و تییوریەکی تری بۆئەو هەیە. نازانم ئێوە لەو بارەیەوە چۆن بیرئەکەنەوە بەڵام کورِش مونسەجم تر لە راست رەویدا و ئەوشتانەی کە پەیوەندی نەبوو بە ئەوگۆرانکاریانەی کە لە نەبوونی شانسی ئەو لەو چەند ساڵەی دوایی دا هەر چی زیاتر بەرەو شۆرش چووە! کۆمەڵگایەک بەو هەمو ئاڵگۆرِەوە کە یەک رۆژیش ئارام ناگرێت و یەک رۆژیش حکومەت بە بێ قەیران ناهێڵێتەوە, هەر ئینسانێکی شۆرشگێر وە جۆش دێنێت بەڵام ئەوتییۆری یانەی کە وەکو تییۆریە کانی کۆرش دەچن ئینسانە کان دەخەوێنن هیچ هەستێک بۆ هیچ ئەمرێکی جدی دروست ناکەن.

مەسەلەی سرنج راکێش ئەوەیە کە لە سەر ئەو مەسەلانە پلمیکی زۆر توند لە حیزبدا پەیدا بووە. لە بیر تانە کە بە حەمید تەقوایی تان ئەگوت خەریکە سواری شۆرش ئەبێت و هەمیشە باس لە شۆرش دەکەن! ڕێک بەهۆی ئەو لێک دانەوە ڕاست ودروستەی ئێمەوە بوو کە بە دەست پێکردنی ئەوتەقینەوەیە بۆ هەڵوێست گرتن پێویست مان بە قسەوباسی زۆر نەبوو. لەو سەردەمە دا حیزبی " حیکمەتیست " خەریکی سفتکردنەوەی تییۆریە کانی حکومەتی موتەعارف و شکست هێنانی جوڵانەوەی سەرنگونی و ئەو ئەوشتانە بوو. ئێمە بە پێچەوانەوە هەر هەمە لایەنە قەیرانی حکومەت مان دەبینی و پێشوزای شۆرِشمان ئەکرد .

چوار مانگ بەر لە دەست پێکردنی شۆرش حەمید تەقوایی لە سوید تەنانەت ناوی وتارەکەی شۆرشی 57 و شۆرشی داهاتووبوو، راگەیاند و یەکەم پرسیاری ئەوە بوو کە ئایا هیچ لەگۆرِێدایە ؟ وڵامەکەی ئەوە بوو بەڵی گەردەلولێک هەڵدەکات و شۆرشێک لە رێگایە و دەبێت بۆپێشوازی بچین. و لە وتارێکی تری لە هەمان دەورە دا کۆمەڵگای ئێرانی وەکو مەنجەڵێک کە سە ریان داخستووە و ئاگرەکەشی خەریکە زیاد دەکەن و گووتی لەهەر چرکەیەکدا خەریکە دەتەقێتەوە. لە زروفێکی وادا کە کورش وحیزبی حیکمەتیست خەریکی تەئمول و قووڵبونەوە بوون لە داگیرکردنی قەڵاکان! لە لایەن ئەحمەدی نیژاد و کۆماری ئیسلامیەوە بوون، ئێمە خەریک بووین کۆمەڵگامان دژی لەسێدارەدان رێکدەخست و خەریکی ئەو یەکی ئایارە بووین کە وەک گەردەلول وابوو وبە دوای گۆمەڵگای نا ئارامی ئێران و جوڵاندنە قوڵە کانیەوە بووین. ئایا بۆ ئێوە شتێکی تایبەت لەو بوارە دا بۆ قوڵبوونەوە بوونی هەیە؟

**ماویەتی**

---

## پاشماوەی ئەوە کێ یە راستیەکەان دەشێوێنێت

کۆمۆنیزمی کرێکاری ، حیزب کەوتە سات و سەودا لە گەڵ باڵەکانی بۆرژوازی ، ئاڵای سپی بۆ مام جلال هەڵکرد و داوای ئاشتبوونەوی گشتی کرد . حیزب لە کۆنگرەی ئازادی عێراقدا لەگەڵ کۆنە بەعسیەکان و سەرۆک عەشیرەتە کۆنەپەرستەکان و هەندی مەحافلی ئیسلامی سیاسی پێکەوە دانیشتن بوونە هاوخەباتی یەکتر لەدژی داگیرکاری ئەمەریکاو نۆکەرانی . حیزب چووە ناو ئیتخاباتی کارتۆنی تا ئەوەندەش کەوتنە پروپاگەندە کردن بۆ خۆیان دواتر کە لەلایەن باڵەکانی بورژوزای حیسابی بۆ نەکراو وە لە لایەن رەوتی کۆمۆنیزمی کریکاریەوە درانە بەر رەخنەی بێرەحمانە ، پاشگەز بوونەوە . ئەمانە و زۆر نمونەی تر هەن کە ئێوە لە خەتی مەنسور حیکمەت دور کەوتنەوە ئەمە زیانێکی گەورە نەبوو لە حیزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق ؟! ئەمە زیانێکی گەورە نەبوو لە سەر بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری ، ئەگەر تۆ زیان لە رووی ژمارەو سەتحیەتەوە ببینی ئەوە مەعلومە زیانە گەورەکە نابینی.

هاورێ رێبوار چاکتر وایە تیژتر و قوڵتر بیر بکەیتەوە تۆ کەسێکی ماندووی لە ناو ئەم بزووتنەوەیە هیوای سەلامەتی وخۆشیت بۆ دەخوازم .

٢٥/١/٢٠١٢

**وەرنە ناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراقەوە و بەهێزی بکەن لە پێناو بە دییهێنانی ئامانجەکانتان کە ئازادی و یەکسانیە وە لە پێناو بە دیهێنانی خواستەکانی رۆژانەتان وە لە پێناو سۆشیالیزمدا کە تەنها رێگای رزگاریە لە دەست هەموو ستەم و چەوساندنەوەیەک . کۆمەکی ماددی بەم حیزبەی خۆتان بکەن .**

**هێزی چینی کرێکار لە رێکخراوبوونیدایە !**

---

**بەرەو سۆشیالیزم**

**سەرنوسەر :**

**سەردار عەبدوڵا حەمە**

**تە لە فون:** 14165615131

**ناوونیشان لە فەیسبوک**

Serdar Abdulla Hama

**دە ستە ی نو سە ران:**

**سمیر نوری،**

**سە ر گوڵ ئە حمد،**

**کاروان ئە جمە دین،**

**ستار حە مە علی**

---

**ماڵپە ڕەکانی**

**کۆمۆنیزمی کرێکاری**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**

www.socialism.com

**حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران**

www.wpiran.org

**کۆمیتە ی کوردستانی**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئیران**

www.iskraa.org

**سایتی مەنصور حیکمە ت**

www.m-hikmat.com

**سایتی حە میدی تەقوایی**

www.hamidtaqvaee.com